## بانگەوازێک بۆ ڕای گشتیی کوردستان

لەم ڕۆژانەدا باشووری کوردستان بە قۆناخێکی چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. وەک چۆن گرنگە کە خەڵکی کوردستان لە ئاست داگیرکەرانی نیشتمانەکەیاندا پێ لەسەر مافە ڕەواکانی خۆیان دابگرن، هەرواش دەبێ کۆمەڵگەی جیهانی بخەنە بەردەم بەرپرسایەتی سیاسی و ئەخلاقی. بۆ پێکانی ئەم ئامانجەش بە پێویستی دەزانین چەند خالێک ڕوون بکەینەوە:

1 - لەشکرکێشیی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان ،بە بیانووی شەڕی دژی عیراق، بە ئامانجی داگیرکردنی خاک و زەلیلکردنی نەتەوەکەمانە، بۆ داپچڕینی شار و ناوچە دەوڵەمەندەکانە، کە لە ڕووی ستراتیژییەوە بایەخێکی تایبەتیان هەیە بۆ چارەنووسی هەموو خەڵکی کوردستان. بۆیە بویەرەکانی باشوور ڕەهەندێکی کوردستانییان هەیە و هاوئاهەنگیی سیاسی و سەربازیی پارت و باڵەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەنە ئەرکێکی نیشتمانیی هەنووکەیی. دیسان مێژوو نیشانمان دەدا کە گەلی کورد هێزی سەرەکیی خۆی تەنیا لە خەڵکی کوردستان وەردەگرێ و قووڵایی ماددی و مەعنەویش هەر لە خاکی نیشتمان و یەکێتی ڕیزەکانی خۆی.

2 – ئەرکی نیشتمانیی ڕۆڵەکانی کوردستان، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بن، ئەوەیە، بێ دوودڵی و پێچوپەنا هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی داگیرکەران، بەتایبەتی تورکیا، لە کاروباری کوردستان لەقاوبدەن و دنیا لە ئەنجامە وێرانکارییەکانی هوشیارکەنەوە و جەخت لەسەر زەماناتی نێونەتەوەیی بکەن بۆ کورد

3 – گەلی کورد هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نییە، چگە لە پێداگرتن لەسەر مافی چارەنووس و داکۆکیکردن لە خۆی و نیشتمانەکەی. بۆ ئەمەش، پێویستی بە خستنەگەڕی هەموو کەناڵە دیپلۆماسی و جەماوەرییەکان هەیە. بەکار هێنانی ڕێفیراندوم و پەرلەمان و ئامرازە دێموکراسییەکانی تر نەک هەر هێز و گوڕ بە خۆمان دەبەخشێ بەڵکوو دۆزەکەشمان لەبەر چاوی دنیا سەنگینتر و ڕێزدار تر دەکا. سرتەسرتی پشت پەردەی حیزبەکان و شاردنەوەی کێشەکان لە جەماوەر و دنیای دەرەوە لە ماڵوێرانی بەولاوە هیچی تری لە جێ شین نەبووە و نابێ.

4 – بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان پێویستە هەموو هێز و توانای نەتەوەی کورد یەک بخرێ، دەستبەرداری حیزبحیزبانێ بین، وزە و هێزی بێسنووری ملیۆنان کورد ڕەها بکرێ. کێشە ناوخۆیی و لاوەکییەکان بخرێنە لاوە. لەشکری کوردستان لە هێزێکی حیزبپارێزەوە ببێتە هێزێکی گەلپارێز و بۆ پاراستنی خەڵک و قۆزتنەوەی دەرفەتی ڕزگارکردنی ناوچە بەعەرەبکراوەکان یەکخرێ و ئاراستە بکرێ.

5 – داوا لە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان دەکەین لە ناوەوەی دەرەوەی وڵات، لە ڕێگەی خۆپێشاندان و ڕێپێوان و چالاکییەکانی ترەوە، بە دۆست و دوژمن نیشان بدەن کە تێکڕای خەڵکی کوردستان دژی هاتنی لەشکری ئەنقەرەیە. ئێستا کە مێدیاکانی جیهان لە شارەکانی باشوورن، جێی خۆیەتی سەدان هەزار کەس بڕژێنە سەر شەقامەکان و یەکدەنگ هاوار کەن: مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و نا و هەزارجار نا بۆ دەسەڵاتی سەددامی خوێنڕێژ و لەشکری داگیرکەری تورکیا.

د. ڕێبوار فەتاح، د. بورهان یاسین، د. ڕەفیق سابیر، د. عەبدوڵڵا پەشێو، د.جەبار قادر، د. مەحموود عوسمان ، م. پشکۆ نەجمەددین، د.کەمال میراودەلی، م. سەباح غالب، م. محەممەد ڕەسووڵ هاوار ،م. ئۆرخان غالب، پرۆفیسۆر ئۆردیخانی جەلیل، م. سالح محەممەد ئەمین، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیلی